سەرۆك کۆماری عێراق پەیامێکی سەرخۆشی ئاراستەی ئایەتوڵا خامنەیی کرد



سەرۆک کۆمار عەبدولەتیف جەمال ڕەشید ئەمڕۆ دووشەممە ، بە گیانلەدەستدانی سەرکردەی ئێرانی و یاوەرەکانی پرسەی خۆی ئاڕاستەکرد.

سەرۆک کۆمار لە بلاتفۆرمی ئێکس نوسیویەتی:- بەدڵێکی پڕباوەڕ بە قەزاوقەدەری خودا هەواڵی گیانلەدەستدانی سەرکردەی ئێران ئیبراهیم ڕەئیسی و ژمارەیەک بەرپرسی ئێرانیمان پێگەیشت.

وتیشی بەم بۆنەی دڵتەزێنەوە پرسەو دڵنەوایی خۆمان ئاڕاستەی هاوبەری گشتی باڵای ئێران ئایەتوڵا عەلی خامنەئی و کۆماری ئیسلامی بەگشتی و نیشتیمانەوە دەکەین و لەم بارودۆخە دژوارەدا لەگەڵیان دەبین و پاڵپشتیان دەکەین.

